# کوردستان ..ئەنفالستان

عادل شاسواری

1

نە وشە ما ..
نە  پەڕەش چیتر تواناى ما ..
بێتە میوانى دەربەندى زام ..
بێتە میوانى ئەو مێژەى
دانوستان ناناسێ ..
ئەو قەڵەمەى خەندە نازانێ ..
ئەو دەفەرەى نەعرەتەى سەنگ نەبێ
هیچ نابیستێ ..
ئەو ڕۆخانەى
رۆحەکانى بێ جەستەو
جەستەکانى بێ ڕۆحن ..
ئەو شوێن گاهەى
( نەرێ ) کان لەخۆ دەگرێ
( نە ژیان نە مەرگ )
بژى وەك کورد ..
نە ژینێك لێى ببى ڕازى ،
نە مەرگێکیش بتکا ڕزگار .
نێوانى مەرگ و ژیان = مێژووى گەلى کوردستان !!

2

دیرۆکى هەڵەفەى حەسرەتى
کام دەربەندە دە پشکنى !
گشت تان و پۆى عەقڵى چیاو
ناکۆکى نێوان خێزانە ،
تەم تومانى شەڕى ڕەشى
بۆ چنیووین ..
ئاکامى هەوڵى ژیانى
نوگرۆى شیوى مەرگ کردووین ..
هەر لەڕووخانى قەڵاى دمدم و
ئە پارتمانەکانى مێژووى مادەوە

تا ڕمانی ئەمارەتەکانی
بابان و سۆران ،
ئاخۆ چەند نالی
( خاك و خۆڵ )ی شیعریان
جیٚ هیٚلاَبیٚت و
چامەی سەفەریان نووسیبیٚ !؟
یان نسکۆی شۆڕشی
شیٚخانی بەردەقارەمان و
سەعیدی پیران
یان کەوتنی نیمکەتی کۆماری قازی !
خامە بەخویٚنی گیانی خۆی
نەخشی کامە زام بکات و
بەقەدی باریکەلەی ژیٚ ئاسای
کام تۆفانی سەمفۆنیا بژەنیٚ و
پەڕە بەسنگی خویٚنینی
کام گۆبەندی ئەم ولاَتە زامدارە
هیٚلْ کیٚش کات ..
بیرمەندی ئەم دەڤەری
هەنسك و حەسرەتەش
پرچی کام زەمەن شانەکاو
گیانی کام زەمین شاد بکات ؟!



هیٚندەی فیشەکی تیٚسکەکان
کۆرپەی چاوگەشی کوردستان
بیٚ ناز کەوتوون .
هیٚندەی پرژەی
هوردووی شەڕی براکوژی
چاوگەی عیشق و
کاریٚزی برایەتی وشك بوون .
هیٚندەی ناسۆری
دا پیرە جگەرسوتاوەکانی ئەنفال
دارو گە نمی کوردستان خنکان .
هیٚندەی چیاو کەژی جوان
منداڵ و زارۆکی بیٚ گوناه

4

بۆن دێ ..
لە وڵاتی کوردەوە ،
ئەو وڵاتەی لەیەك چرکەدا
پێنج جار دڵی لێ دەدا ..
بۆن دێ ..
ئەو وڵاتەی لەیەك چرکەدا
پێنج جار چوارمێخە دەکێشرێت ..
بۆن دێ ..
بۆنی هوردووی شەڕی شووم دێ ..
لەو وڵاتەوە
کەبازوو دەسەڵاتدارەو
بیری حیوار وچان دەدات
بۆن دێ ..
لەو وڵاتەوە
کە دەستی هەبوو
چە پڵە لێ دەدات
کە چەکی هەبوو
تەقە دەکات
دەنگی خومپارەو
بۆنی خوێن و
بۆ پرۆزی گۆشت و ئێسقان دێ ..
( بۆن ) دەنگ و سەدا بە ڕۆح دەدا
تا چە پڵەو چەك
ئاهەنگی وڵاتم بگێڕن
قەت گۆبەندم نابێتە گۆڤەند !

5

بێ باسەکەم
کوردستانە بێ کەسەکەم
داردەسەکەم
شوێن گاهی ڕەوانی پاکی هەژاران ،

قەتڵگاهی پەیکەری خرج و خامان .
چەشەی ژانی
بێ نانی نەژادی کەیل ،
میراتگری من و تۆو ئەو ،
ئەی پەژموردەی ئەوە بۆ تۆو
ئەوە بۆ من ،
ئەوەشیان مایەوە بۆ ئەو ..!
خاکی خومار .. هەسوونە زێڕینەی برسی ..
ئەسپی سەرکەشی ڕێی سەحەر
ماندوو شەکەت
شل و شێواو بۆ کوێ دەڕۆی ؟
مەگەر تۆش بارکەیت و بڕۆی
جا تێر دەبی !
ئەگین هەروا بێ هوەیدا
چاوەڕێ بێ ،
فانۆسی تەلاری گوڵ بی ..
هێمن ، هێمن
لەڕو لاوازو سیس دەبی ،
لەبێ نەوتیا دەکوژێیتەوە ،
ڕۆژێ دەبێ چۆڕبڕبی !
کریستاڵی بەڵقیسیش بی ،
مادام ژیانت لێرەبێ و
هەناسەشت لە هەندەران .
ڕۆژێ دادێت ..
رووناکیت دەبێتە خەزان ..
پایزیشت هەر مەرگ و ژان ..
لەوەش زیاتر :
ئەسپی حاتەمی تائی بی
ڕۆژێك دەبێ
بەبرسیەتی .. بەبێ دڵسۆز
بەتەنهایی
خاو .. خاو دەمری !



ئێمە کوردی

دەڤەری حەسرەت و ژانین ..
ئێمە نسکۆی
خەمێکی درێژکراوەی
مێژووی خۆمانین ..
ئێمە ئەتڵەسی
جوگرافیای زامین ..
ئێمە سۆناتای
سەمفونیای خەمین ..
ئیمە موسافیرێکی
ناوزیلی عەرعەرین
ئێمە هێندە بێکەسین
خۆڵە پۆکە
لە بری خاکی ئارداوی دەخۆین ..
خۆری ئەم وڵاتی ئێمە
وەکو نانی تەنوور هەڵدێ ..
ئاسمانیشمان وەکو سفرەی ماڵی پاشا
رازاوەیە بە ئەستێرەی ئازادی گەش ..
بەڵام برسین !

7

کوردستانی ئێمە
ئەسپێکی کەحێلی جەنگە ..
( 24 ) کاژێر شەڕ بکات
تێر خۆین نابێت ..
ماندوو نابێت..
ئەسپی ئێمە
پشتی پان نیە
وەك هی خەڵکی،
یەك شت ئەگرێ
یان نان یاخود ئازادی !

8

ئەسپی کوردستانی ئێمە
چەندان ساڵە ژان تەی ئەکا ..

چەندان ژانە ساڵ کۆئەکا..
چەندان ساڵە خەم بارئەکا..
مێژوو ئەڵێ:
هۆلاکۆ هێشتا منداڵ بوو
جەنگیز خان پێ ی نەگرتبوو
هیتلەر لە ناو ڕەوڕەوا بوو
کوردستانی من ڕەخش بوو
ئەوا تا ئێستا ڕێ دەبڕێ
ئەوا تا ئێستا هەر دەفڕێ..
کە چی لە جێ ی خۆی نابزوێ..!

9

ئێمە لەنێو کۆشی ئاسمانی کوردستان
قەت ناخوازین هۆلاکۆ بین،
جەنگیزخانی پێ گرتووبین..
هیتلەری عەرشی نازی بین،
ئاوا تمانە
هۆلاکۆکان زوو بنەون،
جەنگیزەکان هەر پێ نەگرن،
لە چنگی ڕەشی نازیەکان
رزگار بین..
ئێمە داغان بووین..
هیلاك وشەمزاین..
ئێمە برسی نانی فیکرین
نانی هەڵوێست و مامەڵەین..
ئێمە برسی
بەس نانی خڕی تەنوور نین،
ئێمە برسی خوانی مامەڵەی جیهانین،
ئێمە برسی
قەوارەی بوونی خۆمانین..!

غاندی بە شۆڕشگێرانی
ئازاد یخوازی هیندی وت :
- ئەمە سەرەتای شۆڕشە ،
بەرایی ئەزموونێکی نوێی ژیا نمانە ..

ئەی گەلی من
ئازادیی یا نانتان دەوێ ؟!
هوردووی ڕا پەڕیوی شۆڕش
هاواری کرد :
- هەردووکیان ..
هەم ئازادی و هەم نان بۆ ژیان .
- لەم دەڤەری ئەنگوستەچاوەی هیوادا
یان نان دەبێت یا ئازادی .
پاش تێڕامان دەنگ هاتە گۆ :
- بەس ئازادی !

10

ماتابانی ئاسمانی ئاشتی کوردستان ،
بارانی تریفە کۆدەکا ..
زریانی شەڕ ،
کالآی شومی دەچنێتەوەو
ئەلبومی خۆی
لە هەڵەفەی مێژوو دەدا ..
شەڕ ! بەرەو هەوارگەی ئاشتی
سەنگەری خۆی تەسلیم دەکات ..
ئۆخەی بۆ ژینێك دەخوازێ
ئەگەر داری ئازادی
بێ خوێن ئاو نەدرێ
با داری ئاشتی
بێ خوێن بەر بگرێ .. !

adilshaswary2000@yahoo.com